# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (هیوا ناسیح) نوێنەری ڕێکخراوی چاک لە سویسرا

ئا: سیمۆن گرۆسریدەر
و. لە ئەڵمانییەوە: د. کارزان ناسیح



ئەم چاوپێکەوتنەی لێرەدا دەیخوێننەوە لە لایەن (سیمۆن گرۆسریدەر)ەوە، کە خوێندکاری دواقۆناغی ئامادەییە لە وڵاتی سویسرا لە مانگی ئایاری 2009 دا ئەنجامدراوە، بەرێزی ئەم کارەی لە میانەی ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لەسەر کورد بە ناوی (کوردەکان: ئایا تیرۆریستن یان چەوساوەیەکی هەمیشەیی؟)
Die kruden: Ewige Unterdrückte oder Terroristen?
، تا وەک بەشێک لە پێداوستییەکانی کۆرسی خوێندنەکەی پێشکەشی خوێندنگاکەی و دواتر ئەو بەشەی زانکۆ کە لێی دەخوێنێت بکات. خوێندکاری ناوبراو سەرجەم بەشی پێنجەمی توێژینەوەکەی، کە لە هەشت بەش پێکهاتوە تەرخانکردوە بۆ باس لە ڕێکخراوی چاک و ئامانج و چالاکی و کارەکانی، کە زانیارییەکانی لە وەڵامی پرسیارەکانی گفتوگۆکەی لەگەڵ (هیوا ناسیح)دا هەڵیهێنجاون و دواتریش تەواوی دەقی ئەم چاوپێکەوتنەی لە پاشکۆی لێکۆڵینەوەکەیدا بڵاوکردۆتەوە. شایەنی باسە لە مانگی تەموزی ساڵی رابردوو گفتوگۆی توێژینەوەکە کرا و بە پلەی (زۆرباشە) پەسەند کرا. من لێرەدا بە پێویستم زانیت، کە چاوپێکەوتنی ناوبراو لەگەڵ ئەندامی چاک (هیوا ناسیح) وەرگێڕمە سەر کوردی... ( وەرگێڕ)

**سیمۆن: ڕێکخراوی چاک دەیەوێت کورد چی دەستبکەوێت؟ (چاک) چی دەکات بۆ کورد؟**

**هیوا ناسیح: چاک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و بێلایەنە، کە لە ساڵی 2002 لە لایەن کوردەکانی تاراوگەوە دروستکرا، لە ئێستادا کۆمیتەی لە کوردستانی عێراق (کوردستانی باشور) و نزیکەی هەموو وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، لە نێویاندا سویسرا و هەروەها نوێنەرایەتیشی لە ئەمریکاش هەیە. خۆی بۆ چەند**

ئامانجێک تەرخانکردوە، سەرەکیترینیان ناساندنی ئەو جینۆسایدەی بەسەر گەلی کورددا هاتوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەروەها راکێشانی سەرجەم ئەو کەسانەی کە دەستیان لە کۆمەڵکوژییەکاندا هەبووە (وەک هەڵەبجە و ئەنفال) بۆ بەردەم دادگا، کۆمەک و یارمەتیدانی ئەو قوربانییانەی، کە لە ئەنجامی ئەو کارەساتانەوە نەخۆش کەوتون یان کەمئەندام بوونە, یارمەتی کەسوکار و پاشماوەی قوربنییان وەک مناڵ و بێوەژنەکانیان، تێکۆشان دژ بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ئەو حکومەتانەی کە بەشەکانی کوردستانیان داگیرکردوە لە تورکیا، ئێران، سوریا وە هەروەها لە ناوچەکانی تری جیهان. ئێمە هەوڵ دەدەین، کە هەموو ئەو حکومەت و کۆمپانیایانەی بە شێوەیەک لە تاوانی کۆمەڵکوژیدا بەشدار بوونە، بۆ بەردەم دادگای نیشتیمانی یان نێودەوڵەتی پەلکێشیان بکەین، چونکە ئەو کۆمپانیایانە ماددەی خاویان بە سەددام فرۆشتوە، کە دەکرێت لە بواری بەرهەمهێنانی چەکە کۆکوژەکانی (ئەی، بی، سی) بەکاربهێنرێن. ئەمەش بۆ ئەوەی قەرەبووی خێزانە زیانلێکەوتوەکان و میللەتەکەمان بکەنەوە و هەروەها بەپێی یاسای نێودەولەوڵەتی سزای رەوای خۆیان وەربگرن.

یەک لە ئامانجەکانی تری ئێمە بەدۆکیۆمێنتکردنی کۆمەڵکوژییەکان و ناردنی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی چارەسەرکردنیانە.

هەروەها (چاک) زۆر کەمپینی بەرێخستوە، وەک کۆکردنەوەی ئیمزای پشتگیری ئەندام پەرلەمانەکان لە هەندێک وڵاتانی ئەوروپی، بۆ دانپیانانی کۆمەڵکوژییەکان بە ژینۆساید، بۆ ئەم مەبەستەش دانپیانانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان و هۆلۆکۆست وەک نمونە وەردەگرین و چاولێدەکەین. ئێمە بەیاننامەی نارەزایەتی بۆ پێشێلکارییەکانی دژ بە گەلی کوردستان دەردەکەین (گەلی کوردستان واتە، گەلی کورد و هەموو ئەو کەمایەتییانەی کە لە کوردستاندا دەژین)، سیمینار و کۆبوونەوە رێکدەخەین، خۆپیشاندانی ئاشتییانە لە وڵاتانی دەرەوە و لە کوردستانی عێراق ساز دەکەین، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان.

**Die Kurden: Ewige Unterdrückte oder Terroristen?**



*Welche Bedeutung haben der Staatsterror, sowie die gewaltsamen Unabhängigkeitskämpfe für das Selbstverständnis der Kurden?*

**Maturaarbeit**
Juli 2009

Simon Grossrieder

Kollegium St. Michael

Seminar: *Aufarbeitung von Genozid*
Leitung: M. Kleinewefers, D. Zunzer

**سیمۆن: لە کاتی جینۆسایدەوە لە عێراقدا چی لە وەزعییەتی کوردەکان گۆڕاوە؟**

**هیوا ناسیح**: کاتێک من لەم وەڵامەدا باس لە جینۆساید دەکەم مانای: کۆمەڵکوژی بەرزانییەکان ساڵی 1983، کە تیایدا 8000 کەس لە عەشیرەتی بارزانی بەبێ هۆ لەناوبران، بۆمبابارانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی لە ساڵی 1988، کە نزیکەی 5000 کەس تێداچوون، کردارەکانی ئەنفال ساڵی 1988، کە 182 هەزار کەسی تێداچوو. ئەو سێ تاوانە هەموویان لەلایەن رژێمی سەددامەوە ئەنجامدران. لە کاتی جینۆسایدەوە لە عێراقدا زۆر شت گۆڕاوە، بۆ نمونە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی روون بووەوە، کە سەددام ویستی کوردەکان قەڵاچۆ بکات، بە شێوەیەکی دڕندانەی وا کە چەکی کیمیاویشی دژ گەلەکەی خۆی بەکاربرد. هەڵەبجە بووە سیمبولێک بۆ کارکردن دژ بە بەکاربردنی چەکی کیمیایی.

بەداخەوە لەوکاتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی زۆری بۆ هەڵەبجە وەک شوێنی کارەساتەکە نەکردوە، بۆ نمونە بۆ بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی دامودەزگا و خزمەتگوزارییەکان، لەوێدا هێشتا هەژاری و بێکاری زۆرە...هتد. ئێمە سەرنج دەدەین، هەرچەندە لەوکاتەوە کۆمەلکوژی تر لە بەرامبەرمان ئەنجام نەدراوە، بەڵام پێویستمان بە یارمەتی هەیە، بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی هێشتا بەدەست جۆرەها نەخۆشییەوە دەناڵێنن. جار و بار گوێمان لێدەبێت، یەکێک لەوان بەو نەخۆشیانەوە دەمرێت. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە پێی پێویست یارمەتی کوردەکانی عێراقی نەداوە. هەڵەبجە و ئەنفال لەم ساڵانەی دواییدا لە لایەن حکومەتی عێراق و پەرلەمانەکەیەوە وەک جینۆساید دانیپێدا نرا.

سیمۆن: چۆن کوردەکان لەگەڵ جینۆسایدا تەعامولیان کرد، چۆن کاریان لەسەر یادەوەرییەکان کرد؟

هیوا ناسیح: کوردەکان ڕەوشی تاڵیان چەشت، ئەو جینۆسایدە زۆر شوێنەواری لەسەر کوردەکان بەجێهێشت. تا ئێستا بەداخەوە هەموو گۆڕە بەکۆمەڵەکان نەدۆزراونەتەوە، لەوانەش کە دۆزراونەتەوە تەنها نزیکەی نیوەیان ئێسکوپروسکیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە گەڕێنراونەتەوە بۆ کوردستان. زۆر لە قوربانییان تا ئەمڕۆش بەدەست نەخۆشی جۆراوجۆرەوە دەناڵێنن، وەک نەخۆشییەکانی هەناسەدان، چاو، نەزۆکی، لەدایکبوونی منالی ناتەواو، پێست و شێرپەنجەی خوێن ... هتد. وەک شوێنەوارەکانی دواتری کۆمەڵکوژییەکانیش زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی و دەرونی بۆ کەس و کاری لەناوچووان بەجێهێشتوە. بەداخەوە کوردەکان نەیانتوانیوە یادەوەرییەکانیان بیربچێتەوە، هەرچەندە وەزارەتێکیش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناوی (وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان) هەیە، کەچی بەداخەوە زۆر ئەکتیڤ نییە.

سیمۆن: وای بۆ دەچیت کە ڕۆژێک وڵاتێکی کوردیی هەبێت؟ چۆن دەکرێت ئەمە بێتە دی؟؟

هیوا ناسیح: بەڵێ، بۆ نا، بەپێی پەیماننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەر گەلێک مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی هەیە. کوردەکان نایانەوێت وڵاتێکی تر داگیر بکەن و لەوێ حکومەتێک دابمەزرێنن، ئەوان ئەیانەوێت تەنها لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیان، کە وا لە هەزاران ساڵەوە تێیدا نیشتەجێن، وڵاتێک بنیاد بنێن. کوردەکان زۆریان لە عەرەب، فارس و تورکەکانەوە چەشت، کە بە ناوی برای ئاینییەوە فێڵیان لێکراو چەوسانەوە. هەرچەندە سەرکردە کوردەکانی عێراق لە ئێستادا بڕیاریان لەسەر سیستەمی فیدراڵی داوە، بەڵام من بڕوام وایە، کە گەر بارودۆخ گونجاو بێت، کوردەکانیش دەتوانن وڵاتێک بۆ خۆیان ڕابگەیەنن، ئەمە خەو و خۆزگەی هەر کوردێکە، لە هەموو پارچەیەکی کوردستاندا.
من خۆم وای بۆ دەچم، لە ئێستادا ئەستەم بێت، وڵاتێکی وا بۆ کوردەکان بنیاد بنرێت، ئەمەش لەبەر زۆر هۆ، لە پێش هەموویانەوە جیۆپۆلەتیکی خراپی کوردستان، بەڵام نزیکەی هەموو گروپ و پارتە کوردییەکان دەیانەوێت بە ڕێگەی ئاشتیانە و سیاسی بەو ئامانجە بگەن، دەکرێت لە ئێستا سیستەمی فیدراڵییەت ئامانجێکی واقیعبینانە بێت. بەڵام بۆ داهاتو وای دەبینم، کە دەتوانن لە ڕاپرسییەکی ئازاد و دیموکراتییدا بڕیار بدەن، کە ئایا لەگەل حکومەتی مەرکەزیدا بمێننەوە یان سەربەخۆ ببن.

سیمۆن: هەندێک ڕێکخراوی کوردی هەن، کە دەیانەوێت بە چەک و توندوتیژی بگەن بە سەربەخۆیی، تۆ دەربارەی ئەمەیان چی دەڵێیت؟

هیوا ناسیح: وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، کە چەند حزب و گروپێکی کەم هەن، کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد بڕوایان بە چەک هەبێت، بەڵام ئێمە دەبێت لە بارودۆخ و هەلومەرجەکانی ئەو پارتانەش

تێبگەین، ئاخر کاتێک پارتێک هیچ هەلێکی لەبەردەمدا نابێت بۆ تێکۆشانێکی دیموکراتییانە و ئاشتییانە، ئینجا بیر لە ڕێگەیەکی تر دەکاتەوە. کاتێک حکومەتی ناوەندی وڵاتێک، کە ئەو جۆرە ڕێکخراوانەی هەیە، ڕێگەی تێکۆشانێکی ئاشتیانە و سیاسییانە بەو پارتانە بدات و سەرەڕای ئەو مۆڵەتەش ڕێکخراوێک هەر لەشاخەکان بمێنێتەوە، دەکرێت بڵێین تیرۆریستە، واتە کاتێک پارتەکە بروای بە خەباتی دیموکراتییانە و ناتوندوتیژییانە نەبێت.
گەر بەرێزتان باش مێژووی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کورد بخوێننەوە، لە نێویاندا کوردێک نابیننیەوە، فرۆکەیەکی ڕفاندبێت یان لە نێو کۆمەڵێک خەڵکی سیڤیلدا کردەوەیەکی خۆکوژی ئەنجام دابێت.

سیمۆن: بۆچی لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کوردەکان نەک وەک قوربانی، بەڵکو وەک تیرۆریستی بێدەربەست دەبینرێن، چی لەسەر ئەمە دەڵێن؟

هیوا ناسیح: بە داوای لێبوردنەوە، من ڕام وەک ئێوە نییە، چونکە وای نابینم، کە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کوردەکان وەک تیرۆریست چاولێبکەن، تەنها چەند وڵاتێکی کەمن، ئەوانەش تەنها یەک دوو پارتی کوردەکان وا ناودەنێن، کە ئەمەش پەیوەندی بە بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسییەکانیانەوە هەیە، نەک بە حەقیقەت و دادوەریی.
جگە لەمە بۆ نمونە پ‌ک‌ک‌ا هیچ ڕێگەیەکیان نادرێت، کە لە ناو شارەکان تێکۆشانی خۆیان بکەن، ئەگەر نا، ئەوان پەنا نابەنە بەر شاخەکان. واتە ئەوان ناچارکراون، کە بڕۆن بەرەو شاخەکان وە بە چەک تێکۆشانی خۆیان بکەن. لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر جار ئەم پارتە ئاگربەستی تاکلایەنەی ڕاگەیاندوە و جێبەجێ کردوە، بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە تورکیادا بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، بەڵام حکومەتی تورکیا ئەمەی بە جدی وەرنەگرتوە و ئەم هەلەی نەقۆستۆتەوە. بە پێچەوانەوە، ئۆپەراسیۆنەکانیان دژ بە گەریلاکان لە نێوخۆ و دەرەوەی سنور زیاتر کردوە. لەم ڕەوشەدا ئاشتی سەرناکەوێت، چونکە وەک پەندە کوردییەکە دەڵێت: مرۆڤ ناتوانێت بە دەستێک چەپڵە لێبدات. نە پ‌ک‌ک‌ا و نە حزبەکانی تری کوردی تیرۆریستن. ئەوان تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادین. تێدەکۆشن بۆ مافە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی کورد. ڕەنگە ئەم پارت یان ئەو گروپ هەڵەیەک بکات، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە، کە ئەم پارت و گروپانە تیرۆریستن.

سیمۆن: بۆچی جینۆساید لە عێراقدا هێشتا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانپێدا نەنراوە؟

هیوا ناسیح: وەک پێشتریش وتم، لەم ساڵانەی دواییدا ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە وەک جینۆساید لە لایەن پەرلەمان و دادگای باڵای تایبەتیی عێراقەوە دانیان پێدانرا، بەڵام ڕەنگە ئێمەی کورد کۆششی باشمان نەکردبێت، یان سەرکەوتوو نەبووبێتین، کە ئەم کۆمەڵکوژی و قەڵاچۆکردنە وەک جینۆساید بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕونبکەینەوە. یان بەدۆکیۆمێنتمان نەکردبێتن، تا ئەوان قەناعەت پێ بکەین. من لە دانیشتنێک لە 2 ی تەموزی ساڵی ڕابردوودا لە ساختمانی پەرلەمان لەگەڵ (کارلۆ سوماروگا) ی سکرتێری گروپی پەرلەمانتارانی دۆستایەتی لەگەڵ کورد دا و جارێکی تریش لە 1 ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا لە میانەی کۆبوونەوەی ئەندامانی ئەو گروپە پەرلەمانتارانە و نوێنەرانی حزب و ڕێکخراوە کوردییەکان، دوام لێکردن، کە پەرلەمانی سویسرا ئەو کۆمەڵکوژییانە بە جینۆساید بناسێت.
من بروام وایە، کە دەبێت ئێمە کۆششی زیاتر بکەین و کاری بۆ بکەین، تا پەرلەمانی سویسری و پەرلەمانتارانی وڵاتانی دیکەش قەناعەت بەوە بهێنن. چونکە بەداخەوە هێشتا خەڵکانێکی زۆر لە وڵاتانی

دەرەوە هەن، کە سەددام بە راستی ناناسن، یان لای کەمی نازانن ئەم دیکتاتۆرە چی بەسەر کورد هێناوە.

سیمۆن: داهاتوی کوردەکان چۆن دەبینرێت؟ ئایا رەوشی کوردەکان باشتر دەبێت؟ چاک دەیەوێت چی هاوکارییەک بۆ ئەمە بکات؟

هیوا ناسیح: من گەشبینم بە داهاتوی کوردەکان، چونکە من وای دەبینم، ئەوە یاسایەکی نەنوسراوی سروشتە، کە داد و راستی هەر سەردەکەون. جگە لەمە کوردەکان بێپسانەوە خەباتی خۆیان بۆ ئازادی و ئاشتی بەردەوامە، ئەوان دەست هەڵناگرن، تا نەگەنە ئامانجەکانیان. لە لایەکی ترەوە، سیستەمی نوێی جیهان بەرەو دیموکراتییەت و ئاشتی ملدەنێت. رژێمە تۆتالیتاری، دیکتاتۆر و فاشیستەکان لە سەرکار لادەدرێن.
لە ئێستادا سەرەڕای هەندێک گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی بەرێوەبردن، لە باکوری عێراقدا حکومەتێکی هەرێمی کوردیی و پەرلەمانێکی کوردیی هەیە. وە لە تورکیادا هەناسەیەکی باشتربوون هەستی پێدەکرێت، بە داخەوە بەڵام لە ئێران و سوریادا لە ئێستادا هیچ بەرەو پێشچوونێک نییە.
ئێمە بۆداهاتویەکی ئاشتی بۆ کوردستان و تەواوی جیهان تێدەکۆشین، بڕوامان بە چەک و توندوتیژی نییە. ئێمە دەتوانین وەک چاوەدێرێک بەسەر حکومەتانی داگیرکەرانی بەشەکانی کوردستان و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە بین، لە کوێ هەر لایەکیان پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤ ئەنجام بدات، لە قاوی دەدەین. ئێمە لە دەرەوەی وڵات دەتوانین باشتر کێشەی کورد بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شیبکەینەوە، کەوا کوردەکان تیرۆریست نین، بۆ ئەوەی ئەوانیش پالپشتی لە کێشەکەمان بکەن.

سیمۆن: حکومەتی تورکیا و عێراق هەوڵیاندا، کە تەواوی ناسنامە و کەلتوری کوردەکان لەناوبەرن. ئایا ناسنامە چەند گرنگە بۆ خودی کوردەکان؟ ئایا بۆ کوردێک کوردبوون چ مانایەکی هەیە؟

هیوا ناسیح: وەک د. ئیسماعیل بێشکچی پرۆفیسۆری تورک دەڵێت: کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە. زمان و کەلتور بۆ کوردەکان زۆر گرنگە، چونکە ئەمانە وەک ناسنامەی هەر گەلێک وایە وە ئەم ناسنامەیە ئەو نەتەوەیە لە پاکسازی نەژادی دەپارێزێت، بۆ نمونە، گەر زمانی کوردیی نەبووایە، زۆر دەمێک بوو کوردەکان لە تورکیا لە لایەن کەمالییەکانەوە ئەسیمیلیزە کرابوون. بەلام ئەوان سەرەڕای قەدەغە بوونی زمان و کەلتورەکەیان، توانیتیان بەتایبەتی لە لادێکاندا لەو پارچەیەی ژێردەستەڵاتی تورکیادا، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵیا زمانەکەیان بپارێزن و بهێڵنەوە.
گەر ناسنامە بۆ ئەو نەتەوانەی، کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆشیان هەیە، گرنگ بێت، ئەوا بۆ گەلێکی فێڵلێکراوی دابەشکراوی وەک کوردەکان، چەندان جار گرنگترە. بۆیە دەبینین رژێمە کۆلۆنیالیست و داگیرکەرەکان هەوڵدەدەن، کە ناسنامەی گەلە چەوساوەکان لەنێوبەرن.
کوردبوون واتا، مرۆڤبوونێک، نیشتیمانێکی داگیر و دابەشکراوی هەبێت، وە سەر بە گەلێک بێت، کە لە سەددەی بیستویەکیشدا هیچ وڵاتێکی نەبێت و لە هەر پارچەیەکی نیشتمانەکەیدا وەک مرۆڤی نمرە دوو سەیر بکرێت.

سیمۆن: ئەو وێنەیەی کە کوردەکان هەیانە، ئایا لە لایەن پێکاکا و گروپەکانی هاوشێوەیەوە شەقڵی گرتووە؟ کوردەکان خۆیان بە شانازییەوە وەک جەنگاوەری سەربەخۆییخواز دەبینن؟

هیوا ناسیح: من وایدەبینم به هۆی مێژووەکەیانەوەیە، کە کوردەکان وەک جەنگاوەری سەربەخۆییخواز خۆیان دەبینن، چونکە ئەوان نزیکەی هەمیشە لە شەڕ و ڕاپەریندا دژی داگیرکردن و چەوساندنەوە دژ بە حکومەتە نێوەندییەکان بوون و ژیاون. گەر بەرێزتان مێژووی کورد بخوێننەوە، دەبینن زۆر لە شۆڕش و ڕاپەرینەکان، کەوا کوردەکان بۆ ئاشتی و ئازادی ئەنجامیان داوە، بەلام بەداخەوە زۆربەیان بە زەبروزەنگ و خوێن وەلام دراونەتەوە و شکستیان پێهاتوە.

پێکاکا پارتێکی کوردییە، کەوا بۆ ئازادی دەجەنگێت، ئەوان کاریگەریان لەسەر بەشێکی کورد هەیە، بەتایبەت لە تورکیا و هەندەران، بەلام من لەو باوەڕەدا نیم، کە وا تەنها بەهۆی ئەم پارتەوە، ئەم وێنەیەی کورد بەرجەستە بووبێت، بەڵکو وەک بەرئەنجامێکی ئەو ڕەوشە، کەوا کوردەکان لە سەدان ساڵەوە تێیدا ژیاون.

کوردەکان خەڵکێکی ئازادیخوازن، گەر دوژمنەکانیان لێیان بگەرێن ئەوان لە ئاشتی و ئازادیدا بژین، ئەوان نایانەوێت بڕۆن بەرەو نێوشاخەکان وە چەک هەڵبگرن، بەلام ئەمە دوا ڕێگەیە، کە هەڵیان بژاردوە. ئێمە ئەمانەوێت، ئەو مافانەمان هەبێت، کەوا نەتەوەکانی تر لە سەدان ساڵەوە بەدەستیان هێناوە.

## <u>پرۆفایل</u>

هیوا ناسیح خەڵکی کوردستانی بەشی عێراقە. بایۆلۆژی خوێندوە و ڕۆژنامەنووسە. لە ساڵی 1998 ەوە وەک پەنابەر لە وڵاتی سویسرا دەژی. ئەو لە هەندەران کەسێکی زۆر چالاکە لە بواری سیاسی و مافی مرۆڤدا وە نوێنەری ڕێکخراوی (چاودێری کوردۆساید – چاک)ە لە سویسرا.

**<u>تێبینی:</u> ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (419)ی 2010/1/12 بڵاوکراوەتەوە.**